# وەڵام دانەوە

## بژار

ئەگەر ووتیان ئەنفال چی یە ؟
ئەلێم ئەنفال خوێنە بەڵام خوێنی ڕژاو
سەدان لادێ و شارۆچکە یە،
بەڵام سیما دوکەڵاوی و
بە عروبە و بە قورئان و بە وەحشێکی ( عۆجە ) نشین کاول کرا و
ئەڵێم ئەنفال سەر بڕینی کوڕی لاوە
دەر هێنانی چاوی ساغ و
دەمی شۆفڵ لە ناو سك و
سنگ و کەللەی ژن و پیاوی پیر ئالاوە
ڕاماڵینی ستەمدیدەی کوردوستانە
تف و نەفرەت هاویشتنە بۆ تەوێڵی ( ئەبو حەلا ) و
لە ( عەرعەر )ا دروست بوونی گەورەترین گۆڕستانە
مردنێکی ترسناکی سیاچاڵە
لەشی بێ خوێن لە موختەبەر بەجێماو و
سورەتێکی دەست بە شمشێر،
ڕەزا گران، ژەهر ئامێز، ووشە تاڵە
کەڵبەی سەگە و سەددام حوسەین
لە بیابان چەقیوەتە لاقەبرغەی مناڵەکان
سەری شۆڕی عەلی حەسەن نا مەجیدە
لە ژێر باتە و ژێر قۆندەرە و
ژێر کلاش و سۆل و نەعلی بە کیمیایی خنکاوەکان
ئەڵێم ئەنفال تاوانێکە بە بڕیارێك ئەنجام درا
کە سەرۆکی قوڕەیشی یەکان
وەکو دیاری بە خەلیفە و بە ئەسحابە و بە ئیمام دا

گەیاندیە دەست ئەنجومەنی وەحشە عەگاڵ بەسەرەکان⋆

ئەڵێم ئەنفال لە فەرهەنگی دین و ( بەعس )ا

راوستانە دژی ئینسان، دژی ویژدان،

دژی مێژووی ڕاپەڕینی چەوساوەکان

تیا بردنی ( نێرینە )یەو ماڵ بردنە و

فڕاندنی کچ و ژنە چاو بە تۆڵە ڕێژراوەکان

ئەڵێم ئەنفال

هێرشێکی عەفلەقیانەی کۆمەڵ کوژە

بۆ سەر کوردە گوند نشینە ڕوو بە هەتاو خەملاوەکان

⋆ مەبەست لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆرشی حیزبی بەعسە لە عێراق

13-2-2002